www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:23 21-10-2006

# خوێندنەوەیەک بۆ کاسێتێکی ئەنسارئەلئیسلام .. مەریوان نەقشبەندی - بەشی سێیەم و کۆتایی

گرووپی ئەنسارولئیسلام کە بۆ ماوەیەك لەچەند شوێنێکی ناوچەی هەورامانی سەر سنووری ئێران حوکمڕان بوون، تەنها مەبەستیان ئەوە نەبوو، لەجیاتی قاعیدەو ئوسامە بنلادن لەکوردستاندا شەڕ دژی حیزبە کوردییەکان و ئەزموونی خۆ بەڕێوەبردنی کورد بکەن، بەڵکو ئەرکێکی سەرەکیان تەعریب کردنی کوردستان بووەو هەوڵیاندا حوکمی تاڵیبان لەکوردستاندا دووبارە بکەنەوە. ئەنسارولئیسلام لەنیوەشەوێکدا مەزارو مەرقەدەکانی بیارەو باخەکۆنیان دەرهێنا کەجگە لەئەبو وائیلی (قازی شەرع) ی ئەنسار لەبیارەو چەند ئەندامێکی ئەو گرووپە کە خەڵکی ناوچەکە نەبوون. هیچ کەسی دیکە ئامادە نەبوو، بەڵام لەکاتی جەڵدە لێدان (نەعل باران) کردنی لاوانی ئەو دەڤەرەداو وەك سەپاندنی (حوکمی شەرع) ی خۆیان بەسەر ئەو کەسانەی کە بە حوکمی ئەوان (زینا) یان کردووە یان (مەشروبات) یان خواردووەتەوە. حوکمەکەیان لەرۆژی نیوەڕۆداو لەناو بازاڕی سەرەکی شارۆچکەی (بیارە) ی ناوچەی هەورامان جێبەجێکرد کە تەنها یەك کیلۆمەتر لەسنووری (ئێران- عێراق) مەوە دوورە، ئەنسارولئیسلام لەو (CD) مدا کە هەروەك پێشتر ئامارەم بۆ کرد بەزمانی عەرەبی ئامادەیان کردووە، دەیانەوێت جێبەجێکردنی شەرع و حوکمی تاڵیبان لەو ناوچە سنوورییە شاخاوییەی کوردستاندا وەك دیاری پێشکەش بەئوسامە بن لادن و رێکخراوەکەی بکەن و بەجەڵدە لێدان و نەعل بارانکردنی لاوانی کوردستان لەناو گوندو شارۆچکەو لەسەر خاکی خۆیاندا کەمێك خۆیان لەئوسامەو زەواهیری و هاوشێوەکانیان نزیك بکەنەوە بەو هیوایەی کۆمەکی مادی و لۆژستی دەوڵەمەندە وەهابیە- تەکفیریەکانی سعودیە بۆ ئەم گرووپە لەکوردستاندا بەردەوام بێت.

لەو کاسێتەدا ئۆتۆمبێلێکی خاکی جۆری لاندکرۆزەر رادەوەستێت و زومی کامێرای ئەنسارولئیسلام ناو بازاڕو خانووەکانی شارۆچکەی بیارە دەردەخات و ئینجا یەکێك لەئەندامانی ئەنسارولئیسلام لەتەنیشت ئەو ئۆتۆمبێلەدا مایکی بڵندگۆیەك بەدەستەوە دەگرێت و قسە بۆ خەڵکی بیارەو ئەو رێبوارانە دەکات کە بەزۆر ناچاریان کردوون لەئۆتۆمبێلەکانیان دابەزن و گوێ بۆ ئەم حوکمەی ئەنسارولئیسلام بگرن و سەیری دیمەنی (جەڵدە لێدان) و (نەعل بارانکردن) بکەن. ئەو دیمەنەی کەتەنها بەبینینی هەست دەکەیت چەند بەکۆمەڵگای کوردەواری و مرۆڤایەتی نامۆیەو تەنانەت لەوڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودیەو ئێرانیش حوکمی بەو شێوەیە نەبینراوەو ئەگەر کارێکی وەهاشیان کردبێت ئەوا لەڕوویان نەهاتووە لەبەردەم زومی کامێرادا ئەنجامیبدەن، لەبەر ئەوە وێنەگرتنی ئەو دیمەنە لەکوردستاندا تەنها بۆ ناشرینکردنی رووی کۆمەڵایەتی و ئاینی کوردستانە لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە وەڵامێك و دڵدانەوەیەکە بۆ ئوسامە بن لادن و زەواهیری کە رێکخراوەکەیان لەئەفغانستان پەرتو بڵاوبوو. ئەو رژێمەش کە بەناوی تاڵیبان لەئەفغانستان پێکیان هێناو پشتگیریان کرد نەیتوانی بۆ ماوەی یەك مانگ ڕووبەڕووی هێزەکانی هاوپەیمانان ببێتەوە کە لەلای ئەوان (هێزی کوفر) ە. ئەو کەسەی حوکمی جەڵدە لێدان دەخوێنێتەوە بەم شێوەیە دەست پێدەکات "ئێمە کە جەماعەتێکی شەرعین و دەسەڵاتمان بەسەر ئەم ناوچەیەدا هەیە بڕیارمانداوە هەموو حوکمەکانی خوای گەورە کە لەقورئاندا هاتووە لەم ناوچەیەدا جێبەجێی بکەین و لەم پێناوەشدا لەهیچ کەس ناترسین و لەلۆمەی لۆمەکاران ناترسین". ئەمە بەو مانایەدێت کە تاقمی ئەنسارئەلئیسلام پێشوەختە دەزانن حوکمی جەڵدە و نەعل لێدان لەکۆمەڵگای کوردەواریدا جێگای لۆمەکردن و نەعلەت لێکردنیشە.

ئەو ئەندامەی ئەنسار کە (ئەبو وائیل) ی کۆنە ئەفسەری موخابەراتی رژێمی بەعس و (قازی شەرع) ی ئەوکاتەی ئەنسارولئیسلام لەدەستی راستیدا وەستاوە، دەیەوێت دڵسۆزی خۆی بۆ ئوسامە بن لادن و رێکخراوی قاعیدە بەدیار بخات و بەئەبو وائیلیش بڵێت (کە عەرەبەو خەڵکی سامەڕا) یە تۆ لەنێو ئەهل و ئەنسارانی خۆتدایت. بەعەرەبی حوکمەکە دەخوێنێتەوەو دەڵێت: "لەبەر ئەوەی من کەقازی شەرعی بیارەم بۆم دەرکەوت کە تاوانبار (سەنگەر نەسرەدین سادق) کەتەمەنی (17)ساڵەو خەڵکی بیارەیە. زینای کردووە لەگەڵ ئافرەتێك کەخەڵکی ئەو دیوە (مەبەستی کوردستانی ئێرانە) و سەنگەر لەبەردەمی من سی جارو لەکاتی لێکۆڵینەوەشدا دووجار دانی بەتاوانەکەیدا نا، ئەوا بڕیارمدا کە (100) جەڵدە لەبەردەم قازی شەرعدا لەسەنگەر بدرێت و بۆ ماوەی ساڵێکیش لەبیارە دوور بخرێتەوە بۆ ناوچەیەك کە لەژێر دەسەڵاتی ئەنسارولئیسلامدا بێت"، هەر لەحوکمەکەدا هاتووە "ئەگەر جەڵدە نەبوو دەتوانرێ بەدار (العیا) حوکمەکە جێبەجی بکرێت". دیارە ئەم دەستەواژەی دوایی تەنها بۆ شەرعیەتدانە بەلێدان بەدار نەك بەجەڵدە. چونکە ئەنسارولئیسلام باش دەیانزانی جەڵدە لەکوردستاندا نییە یان ئەگەر هەشبێت ئەوا بۆ لێدانی مرۆڤ بەکار نەهاتووە. گومانیشی تێدا نییە ئەو دارەی کە لەجیاتی (جەڵدە) خەڵکی پی سزا دەدرێت لەدارەکانی کوردستانەو لەلای قازیەکەی ئەنسارولئیسلام کە (عەرەبە) باشتروایە بەدارو کەرەستەی خۆمان لەخۆمان بدرێت و بەم شێوەیە ئەو ئیهانەیە جێگیر دەبێت کە لەسەرەتاوە (ئەبو وائیل) لەپێناویدا هاتووەتە کوردستان. پرۆسەی جەڵدە لێدان دەست پێدەکات و ئەو کەسەی کەجەڵدە (دار) ەکان دەوەشێنێت لە (1) ەوە هەتا (100) دەژمێرێت و لەو ماوەیەشدا کە تەنها چەند دەقیقەیەك دەخایەنێت پشتی (سەنگەر) یان رووت کردەوەو بەدەمدا خستویانەو خەڵکی بیارەش سەیری ئەم لێدانە دەکەن.

لەناکاو (مەلا کرێکار) ی ئەمیری ئەو کاتەی ئەنسارولئیسلام بەدیار دەکەوێت و دەڵێت: "خۆتان لادەن با ئەو خوشکانەش سەیری جەڵدە لێدانەکە بکەن". لەو کاتەدا زومی کامێرای ئەنسارولئیسلام بەرەو سەربانی خانوێکی شارۆچکەی بیارە دەڕوات کە ژمارەیەك کچ و ئافرەت وەستاون و سەیری پرۆسەی جەڵدە لێدان و جێبەجی کردنی حوکمێك دەکەن کە قەت شتێکی وایان نەدیوە.

دوای جێبەجێکردنی ئەم حوکمە، هەمان قازی واتە (ئەبو وائیل) فەرمانی لێدانی (40) چل نەعل لەلاوێکی دیکە دەدات و لەبەرچاوی خەڵکی بیارەو بەهەمان شێوەی جەڵدە لێدانەکە (40) نەعل لەلاوێك دەدەن بەهۆی ئەوەی مەشروبی خواردۆتەوە. من نامەوی لەم خوێندنەوەیەدا بڕۆمە ناو وردەکاریەکانی شەریعەتی ئیسلام و ئەو مەسەلەیە بۆ مامۆستایانی ئاینی ئیسلام و شارەزایانی بواری شەریعەت بەجی دەهێڵم. بەڵام کاسێتەکەی ئەنسارولئیسلام سەرنجی بۆ لای مێژووی جێبەجێکردنی ئەو حوکمانە راکێشام کە ئەویش (2002/5/21) ە، بەڵام لە لێدوانی مەلا کرێکاری ئەمیری پێشووی ئەنسارولئیسلام کە لەهەفتەنامەی (ئاوێنە) ژمارە (24) لەبەرواری 2006/6/20 بڵاوکراوەتەوە رایدەگەیێنێت کە ئەو لە 2002/5/17 شارۆچکەی (بیارە) ی ناوچەی هەورامانی بەجی هێشتووە.

(مەلا کرێکار) کاتێك لەکوردستان بوو، ئوسامە بن لادنی بەتاجی سەری هەموو موسڵمانێك دەزانی و دواتر بەلێدانەکەی کە گوتی (ئەبو مسعەب زەرقاوی) وجودی نییەو ئەمریکییەکان بۆ بیانو هێنانەوە بۆ کوشتنی موسڵمانان و درێژە پێدانی داگیرکردنی دروستیان کردووەو ئینجا هاوسۆزیە بێوێنەکەی بۆ ئەبو مسعەب دوای کوشتنی و بەدیار خستنی وێنەکەی، هەموویان پێکەوە بەڵگەن بۆ ئەوەی کە مەلا کرێکار نەك هەر دژی نەتەوەو قەوارەی سیاسی کوردە، بەڵکو هاوکارێکی راستەوخۆی عەرەبە شۆڤێنیەکانەو دەستی لەتەعریبکردنی کوردستاندا هەبووە. مەلا کرێکار لەدیدارەکەیدا لەگەڵ هەفتەنامەی ئاوێنە ئەوە نەفی دەکات کە ئەبو موسعەبی زەرقاوی (پێش کوژرانی) هاتبێتە ناوچەی هەورامان، بەڵام راستر وایە بڵێین مەلا کرێکارێك لەناو بیارەداو لەبەر چاوی ژمارەیەکی زۆر لەچەکدارەکانی ئەنسارولئیسلام

لەسەر فەرمان و فەتوای (ئەبو وائیل) ی کۆنە ئەفسەری موخابەراتی رژێمی بەعس کە لەشاری سامەڕاوە هەڵاتووەو هاتۆتە ناوچەی هەورامان و ئەم عەرەبە سەلەفیە بووبێتە قازی شەرعی ناوچەکەو خودی مەلا کریکاری (بەناو ئەمیری ئەنسارولئیسلام) لەسەرەتای ساڵی (2002) دا سزا بدات و چەند جارێك وەك سزای سەربازی، پێی بڵێت دەبی چەند جارێك لەم بەری بیارە بۆ ئەو بەری بەڕاکردن و بەپێی پەتی بڕۆیت. (ئەمیرێك) ئەوەندە لاوازبێت لەبەردەم عەرەبێکی شۆڤێنی سەلەفی-کۆنە موخابەراتی بەعس، چۆن رێگای پێدەدەن کەسێکی وەکو ئەبو مسعەب زەرقاوی ببینێت، بەپێی ئەو سەرچاوانەی کە لەناوچەی هەورامانەوە وەدەست کەوتوون، کاتێك زەرقاوی هاتۆتە ناوچەی (دەگاشێخان) لەخانووێکدا بووە کە چەکدارە عەرەبەکانی ناو ئەنسارولئیسلام پاسەوانیان کردووەو بۆ هیچ کوردێك نەبووە بڕواتە لای زەرقاوی، ئەمەیە ئەو راستیەی کە مەلا کرێکار لەدیمانەکەیدا لەگەڵ ئاوێنە دەیەوێ لەبەر چاوی خەڵکی چەواشەی بکات، مەلا کرێکارێك هەموو ئەو خەڵکەی بەکوشت دابێت و یاری بە عەقڵ و سۆزیان کردبێت و دواتریش کە زانیوێتی لێدانی ئەمریکاو گورزی هاوپەیمانان بۆ سەر بارەگاو حەشارگەکانی لەناوچەی هەورامان بەرێوەیە. وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو، ئامادە نەبوو خۆی لەپێناو هەروەك خۆی دەڵێت (ئەمارەت) ەکەیدا بەخت بکات، چۆن دەکەوێتە داوی پاشماوەی چەکدارەکانی کە دوای هەڵاتنی هەرەشەی کوشتنیان لێکرد.

نایشارمەوە من یەکێکم لەو کەسانەی کە بەبەردەوامی گوێبیستی لێدوان و وتارەکانی مەلا کرێکار بووم، بەتایبەتی لەدوای راپەڕیندا کە هەندی جار بزووتنەوەی ئیسلامی وتارەکانی مەلا کرێکاری بۆ جۆشدانی خەڵکی دژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی کوردستان بەکاردەهێنان، وتارو لێدوانەکانی مەلا کرێکار هەتا حەز بکەی سەرنج راکێش و مەقبولن، بەڵام لەلای ئەو کەسانەی کە لەئیسلامی سیاسی و جەوهەری مەلا کرێکار ناشارەزان.

زەرقاوی تیرۆرستی ئەردەنی گۆڕبەگۆڕ کە ئامادە نەبووە لەوڵاتەکەی خۆیدا مریشکێك سەربڕی، بەڵام مەلا کرێکار بە پاڵەوان و سەرکردەی ئیسلامی ناویدەبات، چونکە هاتووە لەکوردستان و دواتریش لەناوەڕاستی عێراق 39 کەسی بەدەستی خۆی سەربڕیوە، ئاخۆ چەندیان کورد بووبن و خەڵکی کوردستان چەندجار نەفرەت لە مەلاکرێکار و زەرقاوی پێکەوە دەکەن؟!.

لەکۆتاییدا دەڵێم: ئەو خوێندنەوەیەی لە سی بەشدا بۆ کاسێتێکی گرووپی ئەنسارولئیسلام پێشکەش بەخوێنەرانم کرد. بەمەبەستی بەدیارخستنی کاری راستەقینەی ئیسلامی سیاسیە کە گرووپی ئەنسارولئیسلام و پێشتریش (جوند الاسلام) نمونەی زیندوو بوون و لەکوردستاندا سەریان هەڵدا، کاتێکیش ئەم گرووپە شەڕی سەرتاسەریان دژی نەریتە نەتەوەییەکان و پارتە سیاسیەکانی کوردستان راگەیاند، تەنها بارەگای حیزبە ئیسلامیەکانی دیکەی کوردستان لەو سنوورانەی ئەواندا مابووەوە،

Mariwan_na@yahoo. com